کارەبای هەرێم: دۆخی کارەبا بەتەواوی ئاسایی بووەوە

وەزارەتی کارەبای هەرێم رایگەیاند، لە ئێستادا دۆخی کارەبا بەتەواوی ئاسایی بۆتەوە، ئەوەش دوای ئەوەی شەپۆلی ڕەشەبا و باران و بەفری شەوی ڕابردو بووە هۆی زیانگەیاندن بە تۆڕەکانی پاڵەپەستۆی بەرزی کارەبا لە نێوان وێستگەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە.

وەزارەتی کارەبای هەرێم، ئەمڕۆ شەممە، لە راگەیەندراوێکدا وتی، دوای ئەو شەپۆلە ڕەشەبا و باران و بەفرەی شەوی ڕابردو ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی گرتەوە و بووە هۆی زیانگەیاندن بە تۆڕەکانی پاڵەپەستۆی بەرزی کارەبا لە نێوان وێستگەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە، هاوڵاتیيانی کوردستان ئاگادار دەکەینەوە دۆخەکە بە تەواوەتی ئاسایی بووەتەوە.

وتوشیەتی، تیمەکانی کۆنترۆڵی کارەبای هەرێم و پارێزگاکان بە هەماهەنگی لەگەڵ تیمەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی وزەی کارەبا، بارودۆخەکەیان کۆنترۆڵ کرد و دوای چەند کاتژمێرێک بەشێکی زۆری کارەبای پارێزگاکان گەڕایەوە، لە ئێستاشدا دۆخەکە بەتەواوەتی ئاسایی بووەتەوە.

شەوی رابردو وەزارەتەکە لە ڕاگەیەندراوێکدا وتی، بەهۆی باران و ڕەشەبای بەهێزەوە کە زیانی بە تۆڕەکانی کارەبای نیشتیمانی گەیاند، ئەمشەو کاتژمێر 8، گرفتی پچڕانی کارەبا لە بەشێک لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک و سلێمانی دروست بووە.

وەزارەتی کارەبا سوپاسی هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستانی کردووە لە بەرامبەر ئارامییان و هەموو لایەکی دڵنیا کردۆتەوە، لەگەڵ ڕودانی هەر گرفت و کێشەیەک لە تۆڕەکانی کارەبا، تیمەکانیان لە ئامادەباشی دان بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکە.